**راگەیاندنی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە**

# گەلی کورد لە خەبات بۆ دێمۆکراسی بە دژی سەرەڕۆیی

ماوەی دوو حەوتووە ناڕەزایی جەماوەریی بە دژی سەرکوتکاری و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان درێژەی هەیە. ناڕەزایی بەرین و یەکپارچەی سیاسی و خۆڕاگریی شکۆمەندانەی خەڵکی شاری مەهاباد بۆ داکۆکی لە کەرامەت و مافی ئینسانیی‌یان، دیواری بێدەنگی زۆرێك لە راگەێنە گشتییە ناوخۆیی و دەرەکەییەکانی شکاند و دەنگی رەوا و هەقخوازانەی خەڵکێکی ستەم‌دیتوو و خەباتکار بە گوێی جیهان گەیشت.

ناڕەزایی و رێپێوانی جەماوەری لە زۆرێك لە شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مەهاد و داخوازییەکانیان جارێکی‌تر کوردستانی وەك پەیکەرێکی پتەو، یەکگرتوو، خۆڕاگر و ئازادیخواز بەرەورووی کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی ئیسلامی کردۆتەوە. بێ‌شك خەباتی سیاسیی ئێستای کوردستان، دەسپێکی قۆناغێکی نوێ‌یە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا. رووداوەکانی چەند رۆژی رابردوو سەلماندی کە وشیاری سیاسی، هاوپشتی بەرین و قوڵی جەماوەری، عەداڵەت‌خوازی، بوێری و شەهامەت بۆ بەرەنگار بوونەوە و بڕیاری گۆڕان، لە بەرانبەر دۆخی ترساندن و تۆقاندنی دیکتاتۆڕیی ئیسلامی نە تەنیا دانەمرکاوە، بەڵکوو پتەوتر بووە. بەتایبەت لە دوو حەوتووی رابردوودا، ناڕەزایی و خەباتی جەماوەری زۆر بە روونی نیشانی‌دا کوردستان هێشتا پێشەنگ و سەنگەری دێمۆکراسی‌یە لە بەرانبەر زۆروێژی و سەرەڕۆیی ئایینی‌دا.

هێرشی چەکدارانە بۆ سەر کوردستان و توندوتیژی نواندن بەرانبەر ناڕەزایی دەربڕینی سیاسی و هێمنانەی خەڵکی کوردستان، رێگەخۆشکەرە بۆ توندوتیژی و سەرکوت لە سەرانسەری ئێران. لە لایەکی‌ترەوە پشتیوانی لە بزووتنەوەی سیاسی ئێستای کوردستان و داخوازییەکانی، پشتیوانی لە سێکۆلاریزم، دێمۆکراسی و خەباتی جەماوەرییە.

ئێمە داوا لە هەموو هێزە سیاسییە دێمۆکڕات و ئازادیخوازەکان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایێتی و سیاسی لە سەرانسەر ئێران دەکەین خەباتی ئێستای جەماوەری کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی، بە خەباتێکی جەماوەری، مەدەنی و پێشکەوتن‌خوازانە دژی دواکەوتوویی، بە سەفی دێمۆکراسی و ئازادیخوازی دژی سەرەڕۆیی، بە بەرەی سێکۆلاریزم لە بەرانبەر ئیسلامی ویلایەتی فەقیهی و خەبات بۆ وەدی هێنانی مافی ئینسانی و شارۆمەندی لە بەرانبەر تالانکەری و زۆروێژی، بزانن و بەبێ هیچ شك و گومانێك پشتیوانی بکەن لە بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەریی کوردستان. تەنیا بەم شێوەیە دەکرێ هاوپشتی و هاوچارەنووسیی گەلان و خەڵکی سەراسەری ئێران بپارێزرێ و پتەوتر بکرێ.

ئێمە دڵنیاین کە خەڵکی کوردستان لەم ئەزموون و تاقیکردنەوەیەش‌دا بە سەربەرزی دێنەدەر. کۆمەڵە بە هەموو هێز و توواناییەوە بۆ پتەوکردنی بزووتنەوەی سیاسی و ناڕەزایی جەماوەری و بەرەوپێش بردنی تێدەکۆشێ و پەرەدان بە دێمۆکراسی و عەداڵەت‌خوازی و سێکۆلاریزم بە ئەرکی خۆی دەزانێ و جەخت دەکاتەوە سەر هاوچارەنووسیی سیاسیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئێران.

ئێمە لەم دۆخەدا خوازیاری هاوکاریی بەرینی رێکخراوە و حیزبە کوردستانییەکانین و بۆ دەستەبەر کردنی ئەم هاوکارییە هەوڵ دەدەین. دڵنیاین پتەوتر کردنی ریزەکانی جەماوەری کوردستان و خەباتەکەیان و هاوکاری هێزە چالاکەکان لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا، هۆکارێکی گرینگە بۆ دەستەبەر کردنی پشتیوانی لە سەراسەری ئێران و هەروەها لە ئاستی جیهان‌دا.

لە هەموو هاوڕێ‌یان و هەڵسووڕاوان و لایەنگرانی کۆمەڵە دەخوازین، هەروەك رۆژانی رابردوو، چالاکانە لە خەباتی جەماوەری‌دا بەشداری بکەن و بۆ رێك و پێك کردن و پێکهێنانی هاوپشتی و هاوئاهەنگی و بردنە سەرەوەی وشیاری سیاسی خۆیان و خەڵك تێ‌بکۆشن. لە کۆتایی ئەم دەورەیە لە ناڕەزایی و خەباتی سیاسی‌دا، خەڵکی کوردستان دەبێ یەکگرتووتر، و وشیارتر و بە هیوا و

هۆمێد به سه‌رکه‌وتن، پێ بنێنه قۆناغێکی‌تر له خه‌بات و تێکۆشان بۆ به‌دی هێنانی داخوازییه‌کانیان. ئه‌مه گرینگترین ئه‌رکی ئێمه و هه‌ڵسووڕاوانی سیاسیی بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵکی کوردستانه.

بژی بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵکی کوردستان

مه‌رگ ونه‌مان بۆ سه‌ره‌ڕۆیی ئاپینی کۆماری ئیسلامی

**ده‌فته‌ری سیاسی کۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێری زه‌حمه‌تکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٣٨٤/٥/٤**

**٢٠٠٥/٧/٢٦**


www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)**٣١٥٠٢٨٩
Tel: **(0044704)**٣١٦٠٧٥٢
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**